پەیامنێری دیپلۆماسیی : نۆرا بۆستانیی- ستوونووس

# رەخنەگری کورد لەنێوان دەستبەسەریی و مانگرتن لەخواردندا.

## واشنیگتۆن پۆست ، هەیینی
## 3 ی مارتی 2006 لا A13
## وەرگێڕانی بۆ کوردیی: خەتاب سابیر

کەمال قادر کەریم، کوردێکی عێراقییە و رەگەزنامەی ئۆتریشیی هەیە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە بەند کراوە لە ئۆکتۆبەرەوە ، دووشەممە مانی لەخواردن گرتووە بۆ پرۆتێستکردن دژ بەدەستبەراگرتن و گلدانەوەی لە زینداندا بەگوێرەی قسەوباسی خزم و دۆستەکانی لە ئۆتریش و ئاڵمانیا.

ئەوانەی ئەویان بەند کردووە، رژێمی بەعسی پێشوو نین، بەڵکوو لە سەرکردەکانی کوردن کە ئێستا لەناوچەی باکووری عێراقن. کەریمی 48 ساڵە کە دەرچووی زانکۆی ڤییەنایە لە ئۆتریش ، دیپلۆماتکارێکی ئاکادیمییە لە ڤییەنا ، هەروەها دوو دۆکترای ( دکتۆرا) لە یاسا ، زانستی سیاسیی و دیپلۆماسیی نێونەتەوەییدا هەیە. یەکێک لەو ژمارە هەڵبژاردەی پسپۆران بوو کە راوێژی پێکرا لەلایەن وەزارەتی دەرەوە و یەکێتی ئەوروپا بۆ دارشتنی دەستووری نوێی عێراق.

لە ئۆتریشەوە، کەریم چەند وتارێکی رەخنەگرانەی لەمەڕ حکومەتی هەرێم و پارتیی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکەکەی مەسعود بارزانیی لەسەر گەندەڵیی و بەکارهێنانی ژن بۆ مەرامی سیاسیی نووسی. یەکێک لەوتارەکان پروپاگەندەی ئەوە دەکات کە KGB پارەی داوە بەبارزانیی لەسەردەمێکدا کە بلۆکی سۆڤێت یارمەتیی کوردە یاخییەکانی لە داواکردنی ئۆتۆنۆمییدا دەدا.

بەپێی قسەی خووشکەکەی " گەلاوێژ" کە لە شارۆچکەی هێیلبرۆن نزیک شتوتگارت لە ئاڵمانیا دەژیت، کەریم لە سێپتەمبەردا گەڕایەوە بۆ هەولێر کە شارێکی باکووری عێراقە، بۆ ئەوەی شوێنێک بۆ وانە وتنەوە لە زانکۆی سەلاحەدین لە بواری زانستی سیاسییدا بگرێت. لە 26 ی ئۆکتۆبەردا تەلەفۆنێکی بۆکرا، گوایە خوێندکاری خۆین و دەیانەوێ لە هوتێلێکی ناوشاردا چاویان پێی بکەوێت.

بەگوێرەی قسەی خزمانی، کەریم لە هوتێلەکەدا فرێنرا* لەلایەن ئەندامانی (پدک) ەوەو فرێدرایە زیندانێکی بچووکەوە. ئاو و خواردنی لێ قەدەغەکرا و ئەشکەنجەشدرا . خزمانی دەڵێن ، کەسوکاری د.کەمال بۆ ماوەی پێنج رۆژ سەروسۆراغی د.کەمالیان نەدەزانی.

دوو هەفتە دواتر، خزمانی گوتیان پاش هەرایەکی گەورەی میدیای کوردیی ، پدک ددانی نا بەوەدا کە د.کەمالی دەستبەسەرکردووە. هەتا جەنیوەریش کەریم لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای نێونەتەوەیی رێکخراوی خاچی سووری جیهانییەوە سەردان نەکرابوو. گوشاری نێودەوڵەتیی بووە هۆی ئەوەی ئاڵوگۆڕێک لە زیندانەکەیدا بێتە کایەوەو ژووری زیندانەکەی بۆ بەرینتر بکرێ.

کەریم رێگەی پێنەدرا کە پارێزەر هەڵبژێرێ و سزاکانیشی پێڕاگەیەنرا. لەوانە جنێودان و سووکایەتیی، یەک دەمژمێر پێش ئەوەی دادگاییکردنەکەی دەست پێبکات. بەپێی هەڤاڵێکی پزیشکی لە ئۆتریش ، کە نەیویست زۆر رۆبچێتە ناو باسەکەوە لەترسی تۆڵەئەستاندنەوە لەکەسوکاری کە لە عێراق دەژین، گوتی لەو دادگا سەرپێیەدا سیی ساڵ زیندانییان بەسەریدا سەپاند.

هاوکات بە گوێرەی قسەکانی تەها محەمەد رۆژی چوارشەممە لە ئاخاوتنێکی تێلیفۆنییدا لە ئاڵمانیاوە کە زاوای کەمال کەریم قادر دەکات، گوتی کەریم وای پێشبینی دەکرد کە ماوەی زیندانییەکەی کەمبکرێتەوە لە رۆژی یەکشەممەدا ، بەڵام دواخرا بۆ 9 ی مارس بۆ ئەوەی لایەنی بەرامبەر کاتی بڵاوکردنەوەی وتارەکان کەلەشەش مانگی رابردوودا نووسرابن دیاریی بکات. هەروەها گەلاوێژی خووشکی گوتی، مانگرتن لەخواردن لەئەنجامی ئەوەبووە کە بۆ چوار مانگە دادگاییەکەی دوا دەخەن.

بەگوێرەی بڵاوکراوە کوردییەکان و خووشکێکی تری کەریم کەناوی ئاراس کەریم قادرە، کەریم دەڵێت " ئەمجارە دەست لەمانگرتن هەڵناگرم تا ئازاد دەکرێم یان تا دەمرم ".

نیژیار شەمدین نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشینگتۆن، رۆژی پێنجشەممە بە تەلەفۆن گوتی کەریم " جوێن و قسەی قۆڕی بەکار هێناوە و لە کەرامەت و پیرۆزیی هەندێ خێزانی کوردی داتکاندووە، ئەو مافی ئەوەی نییە ئەم دەمپیسییە بکات."
هەروەها شەمدین دەڵێ " ئەو داوای بەزەیی کردووە، بۆی هەیە بڕیاری دادگا ئەم قسانەی نەخاتە خانەی تاوانەوە، بەڵام ئەم یاسایە ئێستا لەژێر گفتوگۆدایە بۆ پێداچوونەوە."
شەمدین دووبارە گوتی " من لەو باوەڕەدام کە دادگا 30 ساڵەکە کەمبکاتەوە بۆ 15 ساڵ، بەهەرحاڵ ئەو یاسایە لەژێر گفتوگۆدایە. ریپۆرتەکانی کەمالیش کەموکوڕیی مۆراڵیی پێوەیە."

بەپێی ئەو پزیشکە هاوڕێیەی کە لەناوچەکەی خۆیەتی، کەریم گوتویەتی ئەو ئامادەبوو لە دەزگا فەرمییەکان و ئەوکەسانەی ناویان هاتووە لە قسەی ناشیرین و وشەی زبر داوای لێبوردن بکات ، بەڵام هەرگیز ناچێتە ژێر باری ئەوەی کە زانیارییەکانی هەڵەبن.

باڵوێزی ئەمێریکا لەعێراق، زەڵمای خەلیلزاد و لایەنە بەرپرسەکانی ئۆتریش و ئەمنستی ئینتەرناشناڵ و چەندین رێکخراوی مافی مرۆڤی تر لەبری کەریم تێهەڵچوونە. " زیندانییکردنی کەمال کەریم بە سیی ساڵ لەسەر دەربڕینی بۆچوونەکانی، دەستریژییکردنە بۆسەر ئازادیی بیروڕادەربڕین کە بووەتە جێگەی تیشکۆ و سەرنجی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەسەر سروشتی سەرکوتکارانەی سیستەمی داد لەکوردستاندا."

ئان کووپەر بەڕێوەبەری گشتیی "کۆمیتەی پارێزگاریی لەژۆرناڵیستەکان" دەڵێت " ئێمە بانگەوازی سەرۆک بارزانیی دەکەین کە خۆی جوودابکاتەوە لەو بڕیارە قەرەقووشیانەیەی کە لە دادگاوە دەرچووەو هیچ گەرانتییەکی نەدا بەبەرگریکار کە دادگاییەکی دادپەروەرانەدا بکرێ. هاوکات ئێمە رووی دەممان لە دادگا دەکەین بۆ تووڕهەڵدانی یەکجاریی ئەو بڕیارە.

پاش وەرگرتنی قسەی گەرانتیی لە عەشیرەتی بارزانیی ، هۆشیار زێباریی وەزیری دەرەوەی عێراق کە کوردزمانە ، زانیاریی داوە بە نوێنەری حکومەتی ئۆتریش لەشاری بەغدا " گودرون هارێر" کە د.کەمال بەفەرمیی ئازادکراوە. وەزیری دەرەوەی ئۆتریش " ئورسولا پلاسنیک" ئەم هەواڵەی لەسەر وێب سایتی فەرمیی وەزارەتی دەرەوەی ئۆتریش تەخشانکرد و خۆشحاڵیی خۆی راگەیاند کە نوێنەری حکومەتی نەمسا لەبەغدا ئەو سەرکەوتنەی مسۆگەر کردووە. بەگوێرەی خزمان و کەسوکاری د.کەمال، ئەم راگەیاندنە راکێشرایەوە پاش ئەوەی دیپلۆماتکارانی ئۆتریش ئاگادارکرانەوە لەلایەن خووشکی کەریمەوە لە هەولێر کە ئەو هەر ئێستا لەسەردانی براکەی لەزیندان گەڕاوەتەوە.

لەنامەیەکدا کە بۆ خەلیلزاد نووسراوە لەلایەن برادەرانی کەریمەوە لە ڤییەنا، تێیدا هاتووە: ئەو پرۆسیسە تاوانکارییە بەئاشکرا دژی ستانداردی یاسای نێونەتەوەییە، هەروەها دژی دیموکراتیزەکردنی عێراقیشە" ئەگەر هەڵنەگیرێت " ئەم بڕیارە کرێدتی ئەمێریکا لە بیناکردنەوەی دیموکراسییدا کاڵدەکاتەوە" هەروەها " یارمەتییدەری ئەو هێزانە دەبێت کە نەیاری دیموکراسیین لەعێراقدا."

---

* لەسەر گرفتی فڕاندن و رفاندن ، زۆر قسەکراوە. میران جەلال محەمەد لە رۆژنامەی "هاوڵاتی" ژمارە 263 دا ستوونێکی کورتی نووسیوە لە لا 5 دا، کە رفاندن بنکۆڵ دەکات و فڕاندن پەسەند دەکات. منیش پێم وایە فڕاندن درووستترەو رفاندن هیچ بنەمایەکی رێزمانی نییە ، تەنها زاڵیی زارەوەی ناوچەی سلێمانیی سەپاندوویەتی .

http://www.hawlati.com/archive/2006/issue263/2001-263_6.pdf

** ئەم نووسینەی واشینگتۆن پۆست لەم لینکەی خوارەوەدا دەدۆزیتەوە، کە یەکێکە لەگەورەترین وبەربڵاوترین رۆژنامەکانی جیهان.

http://www.washingtonpost.com/wp-dyn/content/article/2006/03/02/AR2006030201919.html